نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات نمایندگی کومەله در خارج کشور

**REPRESENTATION OF KOMALA ABROAD**

R.K.P.O Box 750 26, UPPSALA, SWEDEN FAX 0046/18 468 493

www.komalah.org komala@cpiran.org

---

# لە جواب بە بانگەوازی مانگرتنی گشتیدا، سەراسەری کوردوستان ئەمڕۆ لە مانگرتندایە

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە کوردوستانەوە گەیشتونەتە دەستمان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان بە پیری بانگەوازی مانگرتنی گشتییەوە چوون و بە ئێعتراز بە کشتار و زەبروزەنگی جمهووری ئیسلامی، یەکگرتوو و لێبڕاو، پێیان لە سەر ماف و داخوازە رەواکانیان داگرتوە. ئەمجارە، چین وتوێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردوستان بە هەڵبژاردنی شێوەیەکی دیکە لە خەبات، بۆ جارێکیتریش بە رژیمیان نیشان دایەوە کە تا گەیشتن بە هەموو داخوازە رەواکانیان دەس لە خەبات و تێکۆشانیان هەڵناگرن و رژیم ناچار بە پاشەکشێ دەکەن.

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، هەواڵی مانگرتنەکانی شارەکانی کوردوستانتان بەم جۆرە پێ رادەگەیەنێ :

**١- سەقز:** ئەمرۆ شاری سەقز بە تەواوی تەعتیلە. ترمینالی شار بە تەواوی چۆڵ بووە و هیچ ئوتوبووسێك کاری نەکردوە. فەرمانداری ومەیدانی هەڵۆ لە گەمارۆی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمدایە و جگە لە شوورای شار هەموو ناوەندە دەوڵەتییەکانی دیکە بە تەواوی داخراون.

**٢- مەهاباد:** شاری مەهابادیش بە تەواوی لە حاڵی مانگرتندایە. بە پێی هەواڵی گەیشتوو، مەیدانی ئاسنگەران، مەیدانی ئارد، چوارڕێی ئازادی و مەلا جامی، خیابانی شاپووری پێشوو، هەر دوو بەشی خیابانی تاڵقانی، جامی جەم، خیابانەکانی کرێکار، شاریکەندی، حافز، سەید نیزام، سێ رێی وەفایی، بازاری تاناکۆرا، هەر دووبەشی خیابانی مەولەوی، باخی شایگان و خولەفای راشدین کە شلووقترین ناوەندەکانی شارن چۆڵ بوون و تەنیا هێزەکانی رژیمیان تێدا دەبیندرێ. بانکەکان و ناوەندە دەوڵەتییەکانیش بە تەواوی داخراون.

٣- **بۆکان:** شاری بۆکان بە تەواوی تەعتیلە. ناوەندە دەوڵەتی‌یەکان، بانکەکان و هەموو کارگا ودووکانەکان دایان خستوە ولە مانگرتن‌دان. فەلەکەی ئەسکەندەری، فەلەکەی فەرمانداری، مەیدانی موعەلیم، خیابانی کەمەربەندی، بلواری سەقز، بلواری میاندوئاو، پردی تازە، خیابانی باهونەر، خیابانی میرئاوا و کەمەر بەندی هەموو چۆڵن و شار بە تەواوی تەعتیلە.

٤- **بانە:** شاری بانەش لە مانگرتنی تەواودا بە سەر دەبا. هاتوچوو لە شاردا ناکرێ و خەڵکی هەموو لە مەیدانی
ناوەراستی شاردا کۆ بوونەتەوە. ناوەندە دەوڵەتی‌یەکان و بانکەکانیش تەعتیل کراون.

٥- **پیرانشار:** شاری پیرانشار بە تەواوی تەعتیل و لە حاڵی مانگرتن‌دایە. خەڵك بە گەرمی پێشوازی‌یان لە بانگەوازەکە کردوە و دووکان و بازار بە تەواوی داخراوە.

٦- **سنە:** سەرەرای زەختو زۆری رژیم ودەس نیشانکردنی ئەو دووکانانەی کە دادەخرێن، بەڵام لە سەعات ١٠ی سەرلە بەیانی‌یەوە بەستن و داخستنی دۆکان وبازار و کارگاکان دەستی پێ کردوە. ژمارەیەکی زۆر لە دووکانەکانی شەشی بەهەمەن، وەکیل ئاوا، حەسەن ئاوا، خزری زیندوو(حاجی ئاوا)، بلواری شبلی، موارەك ئاوا، سەفەری، ئەدەب، شارۆچکەی سەعدی، فردەوسی و کەڵەکەجار داخراون و باقی شوێنەکانیش بەرەبەرە لە حاڵی داخراندان.

٧- **سەردەشت:** شاری سەردەشتیش بە تەواوی بە مانگرتنە سەراسەری‌یەکە پەیوەس بووە. بانکەکان و ناوەندە دەوڵەتی‌یەکانیش هەموو داخراون. هاتو چوو بە عاستەم لە شاردا دەبیندرێ و رژیم ژمارەیەکی زۆر لە هێزە تایبەتی‌یەکانی لە شاردا دامەزراندوە. سێ هێلیکۆپتێریش بەردەوام بە سەر شاردا دەگەرێن.

**شارۆچکەی رەبەتیش** کە لە نزیکی سەردەشت دایە، بە تەواوی لە مانگرتن دایە.

٨- **روانسەر و جوانرۆ:** بەشی هەرە زۆری دوکان و بازاری ئەم دوو شارەش داخراون. رژیم ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەرکوتگەرەکانی لە کرماشان و هەمەدانەوە هێناوەتە ئەم دوو شارە و بە زۆرو هەرەشە ئەیەوێ خەڵك ناچار بکا دوکانەکانیان بکەنەوە.

**٩- نەغەدە** : بەشی کوردنشینی ئەم شارەش بە تەواوی تەعتیلە و دوکان وبازار داخراون.

**١٠- ورمێ**: بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە ورمێوە گەیشتوونەتە دەستمان دووکان و بازار لە بەشی کوردنشینی ئەم شارەش بە تەواوی داخراون. لە مەرگەوەر، زێوە و دزێ لە سۆماو برادۆستیش شارەکان بە مانگرتنە سەراسەرییەکە پەیوەس بوون.
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات سەرکەوتنی ئێعترازی سەراسەری کوردوستان بە سەر رژیمی سەرکوتگەری جمهووری ئیسلامیدا، لە هەموو کۆمەڵانی خەباتکاری کوردوستان و هەموو ئینسانە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکان پیرۆزبایی دەکا. بەو هیوایە کە عەزم وئیرادەی لێبڕاوانەمان پتر بێنینە مەیدان ورۆژ لە گەڵ رۆژ یەکگرتوانەتر لە دژی جینایەت و سەرکوتگەری جمهووری ئیسلامی و بەرەو بەدەست هێنانی داخوز و مافە رەواکانمان هەنگاو هەڵگرین.

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

٢٠٠٥/٨/٧